# کوردۆلۆژی لە وولاتی چیک

نووسینی/ ؛ پێتر کوبالێک

وەرگێر /؛ ڕزگار ڕەنجەڕۆ



پرۆفێسۆر دکتۆر خاتوو { ئەدێلا کرژیکاڤۆڤا } و ڕزگار ڕەنجەڕۆ

## بەشی دووهەم:

### پێشەکی

نەم دەویست لەبەشی دووهەمی ئەم بابەتە پێشەکی بنووسم کەچی زووربەی زۆری ئەو ناوانەی کەلەم بابەتەدا هاتوون من لەنزیکەوە پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەبووە جگە لە دۆستایەتی بگرە کاریشمان بەیەکەوە کردووە بۆ پرسی ڕەوای گەلەکەمان بەتایبەتی پرۆفێسۆر دکتۆر خاتوو ئەدێلا کرژیکاڤۆڤا و مامۆستا قادر دیلآنی نەمر کە خەبات و ماندوونەناسی هەردووکیان لەو بابەتەدا پڕشنگ دەداتەوە ، ئەگەر بێین باسی دڵسۆزی و خۆشەویستی پرۆفێسۆر دکتۆر خاتوو ئەدێلا بنووسم بێگومان بەم چەند دێڕە تەواو نابێت ، وەک بەڵێنیشم دا کەخوا تەمەن بدا لەکتێبێکدا هەموو بەرهەمەکانی وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی و ئەو کاتە وەک کوردێک هەست دەکەم کە بەشێک لە قەرزەکانی ئەو مرۆڤە گەورەیەم داوەتەوە و نەوەی دواڕۆژیش دەبێ هەردەم شانازی بکات بەو جۆرە دۆستانەی خۆیان . لەو بیرەوەریانەی کە ئەم ئافرەتە مەزنە خۆی بۆی باس کردووم لە خێزانێکی دەوڵەمەندی ئەرستۆکراتی دا لەدایک بووە و هەر لەمناڵیەوە ئامۆژگاریەکانی باوکی بووە بەیەکەمین قووتابخانەی کە دۆست و هاوسەنگەری گەلانی چەوساوە بێت لەوانە کورد و فەلەستینی و چەرکەس و ....هتد . خاتوو ئەدێلا دۆستێکی نزیکی دکتۆر عبدولڕەحمانی قاسملۆی شەهید و مامۆستا قادر دیلانی نەمر بووە ، وەک بۆی باسکردم کەزۆر جاران ئەو دوو نە مرە یارمەتیان داوە لە فێربوونی زمانی کوردی و لە وەرگێڕانی بابەتی سیاسی و هونەری و ڕۆشنبیری بۆ سەر زمانی چیکی ، ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە باسی کەم بۆی گێڕامەوە کە هێشتا لەزانکۆ قوتابی بووم زوو زوو ڕە حمانی قاسملۆم دەبینی ڕۆژێکیان شەهید قاسملۆ پێی ووتم شاعیرێکی کورد بۆ چارەسەری هاتۆتە پڕاگ دەچم سە ردانی دەکەم پێم ووت منیش دێم کە چووین لە ژوورەکەی ئەو مێزەی جێگای گوڵ و دەرمان بوو کۆمەڵێک کاغەز قەڵەمێکی لەسەر ڕاکشا بوو خۆم پێی ناساند ووتم من دۆستی قاسملۆم و کوردم زۆر خۆش دەوێت وەڵامی دامەوە ووتی تۆ جێگای ڕێزی کوردی منیش ناوم عەبدوڵا گۆرانە و ئەو شێرەپەنجەیەی ناو گیانم نەبووایە تۆم نەدەناسی زۆر جاران نەخۆشی گرانیش سوودی هەیە هەر هیچ نەبێت دۆستێکی کوردی چەوساوەم ناسی ئەو قسانەی کە دە کرد قاسملۆ وردە وردە بۆمی دەکردە چیکی وە ئەوەندەی سەرنج ڕاکێشام داوای هەندی نووسینم لیێ کرد ، هەندێ لە هۆنراوەکانی پێدام چەندین ساڵ هەڵمگرت تاکو ڕۆژگارێک هات بەیارمەتی هونەرمەند قادر دیلان وەرمگێڕایە سەر زمانی چیکی . ئەدێلا خانم زۆر جاران دووبارەی دەکردەوە کە خۆشەویستی و جوامێری و هاندانی دیلان و قاسملۆ نەبوایە ڕەنگە ڕووم لە کوردۆلۆژی نەکردایە بەڵام ئەو دوو جوامێرە مەیدانەکەیان بۆ خۆش کردم وە هەر لەڕێگای قاسلۆ وە دوو جاران سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم کردووە من لە کوردستان بە{ عادیلە خانم } ناسراوم ئەو ناوەش هەر قاسملۆ لێیناوم . ...و/ ڕزگار ڕەنجەڕۆ



رۆژنامەنووس { پـێـتـر کـوبـاڵـێـک }

## { ئەدێڵا  کرژ یـکاڤـۆڤا } و  توێژینەوەی زانستییانەی پرسی کورد

ئەو کەسایەتیە لێوەشاوەیەی کە بووە هەوێنی بنەمایەکی زانستیانە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەپرسی کورد دکتۆرە { ئەدێلا کرژیکاڤۆڤا } ی لەدایک بووی ساڵی 1938 بوو . ئەو لێکۆڵەرە سەرەتا خوێندنی باڵای لەکۆلێژی هونەرە جوانەکان  بەشی ڕووسی و جۆرجی لەزانکۆی کارلۆڤۆ ساڵی 1962 لەشاری پڕاگ تەواو کرد پاشان بەردە وامی دا بەخوێندن ئەمجارەیان ڕووی کردە ڕۆژهەڵتناسی و لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگەی عەرب و فارس و ئاینی ئیسلام تاکو ساڵی 1973 پاشان وەک مامۆستایەکی پسپۆڕ لەپەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستەکانی چیکۆسلۆڤاکیا سەربە زانکۆی کارلۆڤۆ دەست بەکار بوو ، هەر لەو پەیمانگەیە دۆزو خەباتی کورد سەرنجی ڕاکێشا و بەشی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی پرسی کوردی دامەزراند و خۆبەختانەو بێبەرابەر لەو بوارەدا دەستی پێکرد وە تەنها کەسێکی شیاوی ئەو بوارە بوو لەپەیمانگەدا بۆیەش دۆزی کورد وەک هەموو پرسە کۆمەڵایەتیە کانی تر زۆر خێرا بە شێوەیەکی بابەتیانە پەرەی سەند ، بێگومان  ئەو  جۆرە  کەسایەتییانەی  وەک { کرژیکاڤۆڤا} کاریگەریان هەبوو لەسەر وولاتە کۆمۆنیستەکان کە ئەو دۆزو پرسانە بەشێوەیەکی پێشکەوتوو خوازانە سەیر بکرێن و بابەتیانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت بەتایبەتی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست .

دکتۆرە {کرژیکاڤۆڤا  } لە بواری کوردۆلۆژیدا  بۆ وولاتی چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو و چیکی ئەمڕۆ زۆری چاند و دامەزراند کە هیوای ئەو بوو ئەو بوارە جێگایەکی زانستیانە بگرێت لە زانکۆ ، لە لایەکی ترەوە کارەکانی ئەو بە نەمری دەمێنێتەوە لەوەی کە تەواوی ژیانی خۆی تەرخانکرد لە کوردۆلۆژیدا . کەچی زۆر بەداخەوە بە پێی پێویست بەری ئەو دارەی  بە پێگەیشتوویی نەبینی لە ناکاو نەخۆشیەکی کوشندە هێرشی بۆ هێناو ناچاری کرد مانگی 11ی 1999 خۆی خانەنشین بکات ، پیلان و خەون و بیری {کرژیکاڤۆڤا } دامەزراندنی یەکەمین وە مەزنترین مۆنۆگرافی زمانی چیکی  بوو دەربارەی کورد و کوردستان کە نەهاتە دی .

دکتۆرە {ئەدێلا کرژیکاڤۆڤا } جگە لەوەی وەک نووسەرێک نووسینی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی چیکی بڵاودەکردەوە دەربارەی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەمان کاتیشدا لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاناسیدا کە خۆی سەرپەرشتی دەکرد گۆڤارێکی وەرزی دەردەهێنا بە ناوی { ئەرشیفی ڕۆژهەڵاتناسی } لەو گۆڤارەدا بابەتی گرینگی مێژوویی دەربارەی کورد و کوردستان بڵاودەکردەوە یەکێ لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارەی تەرخانکرد بۆ خەباتی ڕەوای گەلی کورد پێش { پەیمانی سیڤەر } و مێژووی گەلی چەرکەسەکان . هەر لە ساڵی 1967 تاکو ساڵی 1978 ئەدێڵا کرژیکاڤۆڤا ئەندامی کارای { ڕێکخراوی جیهانی کوردستان لە ئەمستەردام }* بوو ، ساڵی 1992تاکو 2000 سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتناسانی چیک بوو  ، چەند مانگێک پێش خانەنشین بوونی ساڵی  1999 لە لایەن پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی کارلۆڤۆ  بە فەرمی ڕێزی لێنرا بۆ ئەو خزمەتە دوورو درێژەی کە لە پەیمانگا ئەنجامی دابوو .

ماویەتی

## ڕونکرنەوەیەکی پێویست دەربارەی  ڕێکخراوی جیهانی کوردستان لە ئەمستەردام :

International Society Kurdistan in Amsterdam ( ISK )

ساڵی 1960 ئەو ڕێکخراوە جیهانیە لە لایەن چەند ڕۆژنامەنووسێکی هۆڵەندی لە شاری ئەمستەردام  دامەزرا لەوانە  ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ { سیلڤییۆ ڤان رۆیی } و ڕۆژنامەنووس { ڕولۆف کۆڕنێلیس تامبوور }وە

ڕۆژنامەنووس { ئێدوەرد ووێلیەم } کە خەلکی شاری پڕاگ بوو . ئامانجی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە لێکۆلینەوە و تووێژینەوەی زانستییانەی ئاستی کێشە و مێژووی کورد بوو لە سەرەتای دامەزراندنی دا ڕۆژنامەنووس { سیلڤییۆ ڤان ڕۆیی } سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بوو ، ئەو ریکخراوە لەو سەردەمەدا پەیوەندی هەبوو لەگەل کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد لە ئەوروپا . بڵاوکروەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەمانە بوون : ڕۆژنامەی فاکت {راستیەکان } کە سالآنە 20 ژمارەی لێ دەردەچوو ، گۆڤاری بووک نییوس { هەواڵە پەرتووک } کە گۆڤارێکی وەرزی بوو سالآنە 4 ژمارەی لە دەردەچوو ،کتێبی{ کوردستان } ساڵی یەک جار دەردەچوو . ..... ڕزگار ڕەنجەڕۆ